# سازانی نێو ترازان؛ هەوڵە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان

09-06-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** کۆبوونەوەی لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە سایەی هێرشێکی دیکەی درۆنی بۆ سەر هەولێر، هەوڵێکی سازانە لەنێو ترازنێکی قووڵتر، کە دەشێ بۆ کورد چارەنووسساز بێت. درۆنەکەش نەبێ، دیارە کە سازانی نێوخۆیی کورد دڵی هەموو لایەك خۆش ناکات، بەڵام ئەمە بۆ کوردستانییان ئیدی وەك پێویستییەکی ژیانیی لێهاتووە.

## بەرایی

کۆبوونەوەی لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە سایەی هێرشێکی دیکەی درۆنی بۆ سەر هەولێر، هەوڵێکی سازانە لەنێو ترازنێکی قووڵتر، کە دەشێ بۆ کورد چارەنووسساز بێت. درۆنەکەش نەبێ، دیارە کە سازانی نێوخۆیی کورد دڵی هەموو لایەك خۆش ناکات، بەڵام ئەمە بۆ کوردستانییان ئیدی وەك پێویستییەکی ژیانیی لێهاتووە.

لە ماوەی رابردوودا دوو هەوڵی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی هەڵبژاردن بە دەستپێشخەریی نێچیرڤان بارزانی و جنین پلاسخارت کراون و بە ئەگەری زۆر، سەرئەنجام ئەمەش بە سازانی لایەنەکان لەسەر هەڵبژاردن لە وادەیەکی نوێ دا کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا بایەخی زیاترە، نەك تەنیا بابەتی هەڵبژاردن، بەڵکو هەوڵی سازاندنی لایەنەکانە لەنێو ئەو ترازانە چەند ئاستەی کە لە کوردستانی دوای- داعش قووڵتر بووەتەوە.

## هەڵبژاردن، یەکخستنی پێشمەرگە و سەقامگیری

بێگومان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکانیش، کارکردنی چەرخی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە هەموو کەموکورپییەکانییەوە، باشترە لەوەی کە نەبێت و نەکرێت. هاوشێوەی ئەو هەوڵانەی کە بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراق درا، پلاسخارت کە لەوانەیە ناوەکەی وەك چالاکترین نوێنەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق تۆمار بکرێت، بە هاوکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کار دەکات بۆ ئەوەی رێسای گەمەی سیاسی لە کوردستان تێکنەچێت و هەرجۆرێك بێت چەرخی هەڵبژاردن بسوورێت.

ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە ماوەی کورتخایەندا سەقامگیری هەرێمی کوردستان پارێزراوبێت، چونکە قەیرانە کەڵەکەبووە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، وایانکردووە کە هەڵبژاردن بۆ تازەکردنەوەی متمانەی لایەنە سیاسییەکان و دابینکردنەوەی رەواییەکی رێژەیی، پێویست بێت. بەپێی ئامارە رەسمییەکان لە ساڵی 1992وە تاوەکو ئێستا رێژەی بەشداربنەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردن لە 12.6%ەوە بۆ 41% بەرز بووەتەوە و ئاماری نارەسمیش باسی زیاتر لەوە دەکەن. هەرچۆنێك بێت، نارەزایی دەنگدەر بابەتێکە حاشای لێناکرێت و ئەگەر لە دۆخێکی وادا هەڵبژاردنیش پەکی بکەوێت، ئەوسا لەوانەیە ناسەقامگیری زیاتربێت. وەك چۆن تەنیا ماوەیەکی کەم لە دوای بەشدارییە کەمەکەی خەڵك لە هەڵبژاردنی 2018ی عێراق، رشتەیەکی رووداوە نێوخۆییەکان سەقامگیری عێراقیان خستە مەترسییەوە! لە تەنیشت ئەوەشدا ژمارەی ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لەنێوان 15-39دایە لە هەرێمی کوردستان ، لە سەرووی 2ملیۆن و 500 هەزار کەس دەبن و بەشێوەی سرووشتی، ئەمانە داوای دابەشکردنەوەی کار، سەروەت، بەشداری سیاسی و...تاد دەکات. بۆیە ئەگەر چەرخی هەڵبژاردن کار نەکات و دەنگدەری تۆراو بۆ بەشداری سیاسی هان نەدرێن، دەشێ نارەزایی و بێهیواییەکان بە ئاراستەی جیاجیادا بچن و تەگەرەی گەورە بۆ سەقامگیری هەرێمی کوردستان دروست بکەن.

بێگومان دەتوانین چەندین هۆکاری دیکەی وەك هێرشی بێ ئامانی گرووپە چەکدارەکان، کردەوەکانی داعش و ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا، لەگەڵ دەستوەردانی سەربازییانەی تورکیا و ئێران کە بە پاساوی جۆراوجۆر، لە ریزی ئەو هۆکارانە دانێین کە هەڕەشە بۆ سەقامگیری کوردستان دروستدەکەن و، کاتێکیش کە گرفتی هەڵبژاردن و متمانەی لایەنەکان و رەوایی هەبێت، ئەو هەڕەشەیە کاریگەرتر دەبێت. ئالێرەوەیە کە هەوڵە نێوخۆییەکان بە دەستپێشخەری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەوڵە دەرەکییەکان کە جێنین پلاسخارت سەرۆکی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق تێیدا پێشەنگە، واتایەکی زۆریان بۆ پرسی سەقامگیری هەرێمی کوردستان هەیە.

کۆڵەگەی راگرتنی هەموو حکومەتێك چەندەی یاسا و ریساکانی گەمە سیاسییەکان بێت وەك هەڵبژاردن، ئەوەندەش ئەو "زۆرە رەوایە"یە کە پێویستە هەر حکومەتێك هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت یاسا و بڕیارەکانی جێبەجێبکات. بۆیە هەر کاتێك لە هەر شوێنێك، هەر حکومەتێك کۆنترۆڵیکی یەکدەستی بەسەر هێزە سەربازی و چەکدارییەکاندا نەبوو، ئەوسا زیاتر لە رێکخراوی، پشێوەی زاڵ دەبێت. کەلێنی ئەمنی دروست دەبێت و ئەو وڵاتە سەقامگیر نابێت. دۆخی ئێستای کورد و فەلەستینییەکان باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی کە چۆن فرەهێزی و یەکنەبوونی باڵی سەربازی وادەکات وڵاتێك بە پەرتەوازەیی بمێنێتەوە. ئا لێرەوە، ئەگەر گوتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێویستی کێشانەوەی دەستی حیزب لە کاروباری پێشمەرگە وەك یەکێك لە هۆکارە بنچینەییەکانی سەقامگیری سەربگرێت، ئەوسا هەرێمی کوردستان قەڵەمبازێك دەکات و بەکردەوە پرۆسەی بنیاتنانی خۆی تۆکمە دەکات. بێگومان ئەوەش هەوڵە درێژخایەنەکەی سەقامگیرییە!

# سازان یان ترازانی زیاتر؟

هەرێمی کوردستان لە بەردەم گوشارێکی زیاتر لە جارانە. لە دووڕێیانێکدایە کە یان دەبێ لە نێوخۆ بسازێ یان زیاتر بترازێ! بەرلە هەموو شتیك ترازانێك لە نیو کۆمەڵگەدا هەیە. لە هەرێمی کوردستان نەوەیەکی تازە کە داینامیکی گۆڕانە گەشەی کردووە و هێزە سیاسییەکان ئیدی ناتوانن لەمە زیاتر چاوی لێ بپۆشن. و دووریش نییە کە ئەم نەوە تازەیە لە دوو خولی داهاتووی هەڵبژاردن دا رووخساری سیاسەت لە کوردستان زیاتر بگۆڕێت.

ترازانی سیاسی لە کوردستان بەشێکی پەیوەندی بە هاتنی نەوەی دووەمی سەرکردەکانەوە هەیە کە هەریەکەو تەقەلای قایمکردنی پێگەی خۆی دەدات. ئەگەر رکابەریی نێوان سەرکردە تازەکانی کورد ریسایەکی نوێ وەرنەگرێت و وەك سالانی سەرەتای بزاڤە کوردستانییەکان بێت، ئەوا لێکترازانی زیاتر لە ئاسۆیە و زۆر دەر و دراوسێش بە گەرمی پاڵپشتی لە قوڵکردنەوەی رکابەرییە نێوخۆییەکانی سەرکردەکانی کورد دەکەن کە تەنیا سیاسی نییە و بەهۆی نایەکانگیریی هێزی سەربازییەوە، هەمیشە پۆتانسییەلی ئاڵۆزی و گرفتی زیاتری تێدایە.

ترازانێشکیش لە پەیوەندی کورد و دەوربەرەکەیدا هەیە. ئێستا ئیدی کاریگەرییەکانی قۆناخی پۆست ـ داعش لەسەر سیاسەتی کوردی خەریکە روونتر لە جاران دەردەکەون. شەڕی وەرگرتنەوەی خاك لە داعش کۆتایی هات و ئەو بایەخەی کورد چی لە هەرێمی کوردستان و چی لە رۆژئاوای کوردستان وەك لەشکری پیادەی شەڕی دژی تیرۆر بۆ دنیا هەیبوو، هاوشێوەی ساڵانی گەرمەی شەڕی داعش نییە و ئەمەش وادەکات کە کورد بە ناچاری بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام بەر لەوە پێویستی بە سازانی نێوخۆییە!